## لێرەوە..تا..ئەوێ... مەرجانی چوارەم

### ئەدەب لە بەرژەوەندی مرۆڤایەتی دا.



فەهد گردەوانی
هەرجارەی دەینووسێت

یەکەم...
محەمەد
ئوزون[
1953 -
2007] و
سەرگون
پولس[
1944 -




2007]...لەو ماوەیە دوو نووسەری هەڵکەوتوو ، ماڵئاواییان لە نووسین و مرۆڤایەتی کرد . دەردی شێرپەنجە بووە هۆی لەناو بردنی ئەو دوو ناودارە .محەمەد ئوزون هەر تەنها 54 ساڵ ژیا . ماڵئاوایی لە خەڵکی ئامەد [دیاربەکر] کرد. گەڕابۆوە ئەو شارە ، بۆ ئەوەی بژی نەک بمریت . نەخۆشیەکەی ئەوەندە کوشەندە بوو ڕێگای نەدا جارەکی تر قەڵەم لە نێو پەنجەکانی دا کاغەز ووشە باران بکات .کاردانەوەی دەردی دووری ووڵات و ژیانی سەختی کوردایەتی لە کوردستانی تورکیا و ئازارو ئەشکەنجەی ژیان لەوبەشەی کوردستان ڕەنگی دابۆ وە لە نووسین و هەڵسوکەوتی کاکە محەمەد ئوزون .بەرهەم و نووسینەکانی بۆ کوردەکانی تورکیا و بۆ ئەدەبی کوردی لەو پارچەجەرگەی نیشتمان شایانی ریز و خزمەتێکی گەورەیە . بەرهەمەکانی بە کوردی و تورکی و سویدی و ئەڵمانی و فەرەنسی بڵاو بۆتەوە و ماوەیەکی دوور و درێژ پەناهەندە بووە لە سوید . لە دیاربەکری هێژا بە خاک سپێردرا و ئێستاکە لەگەڵ شۆڕشگێڕانی ئەو هەوارە لەبەهەشتە. سەرگون پولس هەر تەنها 63 ساڵ ژیا . لە شارۆچکەی حەبانیە منداڵێکی ئاشووری لەدایک بوو ، ناویان نا سەرگون پۆلس . لە تەمەنی 12 ساڵان ماڵیان چووە کەرکوک و لەگەڵ دەستەی کەرکوکیان کاری ئەدەبی دەکرد .لە تەمەنی 16 ساڵان شیعرێکی بۆ [گۆڤاری

شیعر] ڕەوانە کرد و یوسف الخال بۆی بڵاوکردەوە .پشتی لە عێراق کرد و ساڵی 1968 لە بەیروت گیرسایەوە . لە [گۆڤاری شیعر]دا کاری کرد و شیعری بڵاودەکردەوە و جارجارەش لە زمانی ئینگلیزی شیعری وەردەگێڕا و هەر لەو گۆڤارە بڵاوی دەکردەوە. پاشان چووە ئەمریکا . لەو ساڵانەی دوایی ڕووی لە ئەوڕوپا کرد و لە لەندەن و پاریس و بەرلین کاری ئەدەبی ئەنجام دەدا و شیعری دەکردە خۆراکی خوێندەوارانی شیعری عارەبی و جار جارەش شیعری شاعیرانی وەردەگێرا بۆ زمانی عارەبی . نەخۆشی هەر لە غوربەت لە [بەرلین]ی کەوتاند و هەر لەوێ مردن خۆی لە قوڕگی وەردا و بۆ دوجار ماڵئاوایی لە شیعر و شاعیران کرد. هەروەک چۆن شاعیرانی تر لە غوربەت مردن :نازک مەلائکە لە قاهیرە و جان دەمو لە ئوستورالیا و بلند حەیدەری لە لەندەن و جەواهیری لە دیمەشق .ئەویش لە بەرلین کۆچی ئەبەدی کرد و ماڵئاوایی لە شاعیران کرد .

دووەم...خەڵاتی نوبڵ بۆ ئەدەب... ژنەنووسەری ئینگلیزی [دۆریس لیسینگ]ی تەمەن هەشتاوهەشت ساڵە[22/10/1919] خەڵاتی نۆبڵی لە ئەدەب بردەوە. ئەو ژنە لەدایک و باوکێکی ئینگلیز لەشاری {کەرمەشان}ی کوردستانی ئێران لەدایک بووە. باوکی فەرمانبەری بانکی ئیمپراتۆری فارس بووە و دایکی [سیستەر] بووە.ساڵی 1925 گواستیانەوە بۆ ڕۆدیسیا{زیمبابۆی هەنووکە، لەساڵی 1980 سەربەخۆیی وەرگرت] هەتا ساڵی 1949 لەوێ مانەوە .کاتێک دایکی دوریس زانی کچەکەی حەز لە قوتابخانە ناکات ، ناردی یە دێری مەسیحیەکان[کریستانیەکان] ، هەر لەوێش رازی نەبوو هەتا لە تەمەنی 13 سێزدەساڵان بە یەکجاری وازی لە خوێندنی قوتابخانە هێنا . لە مێژووی دابەشکردنی خەڵاتی نۆبڵ لە ساڵی [1901]ەوە هەتا ئەمڕۆ، دۆریس پیرترین نووسەرە کە ئەو خەڵاتەی پێشکەش کراوە .. ڕۆژی 10ی دیسامبەر ڕۆژی کۆچی دوایی ئەلفرێد نۆبڵ[1833 ـ 1896 ] خەڵاتەکان لە ستۆکهۆڵم دابەش دەکرێت و خەڵاتی نۆبڵ بۆ ئاشتی لە ئۆسلۆ پێشکەش دەکرێت . بەڵام دۆریس لیسینگ ئەوەندە نەخۆشە بۆی ناکرێت بەشداری ئاهەنگی خەڵاتەکانی نۆبڵ بکات . کاتێک لێیان پرسی ئێستاکە کوی پاش ئەوەی خەڵات کرای و بویە خاوەنی خەڵاتی نۆبڵ . لە وەڵامدا گووتی ، بە ڕاست لێم دەپرسی ، هەندێک کۆکە [کۆخە]مە و زگچونێکی خەفیفم تووش بووە و هەردەم تەلەفۆنەکەم لە زەنگ لێدان ناکەوێت و دەرگام لێدەدرێ ،هەتا پشیلەکەشم لەوانە بێزار بووە . دۆریس ئەندامی پارتی کۆمۆنیستی ئینگلیستان[بەریتانیا]بوو ، بەڵام کاتێک ڕاپەڕینی هەنگاریا [مەجەرستان1956] کوژێندرایەوە ، وازی لە حیزب هێنا . بیروباوەڕی پشتگیری کردنە لە مافی ئافرەت و لەو بوارە هەردەم هەوڵی داوە و بە ڕاشکاوی خۆی بە دیار خستووە .هەردەم دژی ڕەگەزپەرستی و ئیمپریالیزم و سەرمایەداری و داگیرکەر و دیکتاتۆر نووسیویەتی ، دژی ئەو تاوانانە دەنووسێ کە دەبنە هۆی پیس کردنی ژینگە. کاتێک شاژنی بەریتانیا بەتەمابوو ناونیشانی [خانم]ی پێببەخشێت ، داواکەی ڕەدکردەوە و قەبووڵی نەکرد ، گووتی ئیمپراتۆریەت باوی نەماوە و نی یە .ڕۆمانی [چوونە وە ماڵ] ڕۆمانێکە ساڵی 1957 لە دژی ڕەگەزپەرستی خوارووی ئەفریقا نووسیویەتی و ساڵی 1986 ڕۆمانی [تێرۆریستەچاکەکان] لەدژی کۆمەڵێک لاوی شۆڕشگێری چەپی توند ڕەو نووسیویەتی ، زیاتر لە 50 ڕۆمانی بە جیهان بڵاوکردۆتەوە و یەکێک لەو ڕۆمانانە کە ناوبانگیان زۆرە ڕۆمانی [ڕۆژژمێری زێڕین]ە کە ساڵی 1962 دنیای ڕوناک کردەوە . دۆریس دووجاران ژیانی هاوسەری پێکەوە ناوە و هەردووجارانیش تەڵاق دراوە ، یان تەڵاقی وەرگرتووە و جیابۆتەوە . لە باری ژیانی هاوسەریەتی شەنسی نەبووە و بۆخۆی دەڵێ ژیانی هاوسەرێیەتی لەمن ناوەشێتەوە .





سێیەم...ئەسترید لیندگرین...

ئەسترید[14/11/1907 ـ 28/1/2002] لە رۆژنامەی [ڤیمەربی] کاری دەکرد.لەگەڵ خاوەن و سەرنووسەری رۆژنامەکە [راینهۆڵد بلومباری] پەیوەندی جنسی پەیدا کرد و زگی پڕ بوو. سەرنووسەر سی[30] ساڵان گەورەتر بوو لە ئەسترید.کاتێک زگی پڕ بوو، خەڵکی گوندی قسەیان لەسەر هەردووکیان دەکرد و پاشملە باسیان دەکرا .پایزی 1920 ئەسترید ئیریکسون[ئەوکاتە پاشناوی ئیریکسون] بوو ،گواستیەوە بۆ ستۆکهۆڵم ، هەتا خۆی لەقسان و لەبەرچاوی خەڵکی ناوچەکە بشاریتەوە . لە خوێندن بەردەوام بوو ، زگیش هەردەهات گەورەتر دەبوو .ئەسترید کاتێک کاتی زانی نزیک بۆوە ، پەیوەندی کرد بە پارێزەری بەناوبانگی پارێزەری دایکانی بێهاوسەر [ئێڤا ئاندین]. ئەو پارێزەرە پێشنیاری کرد ئەگەر بکرێت ئەسترید لە نەخۆشخانەی [ریگسهوسپیتالیێت]ی کۆپینهاگن . منداڵەکەی ببێت ، چونکە لە وڵاتانی ئەسکەندیناڤیا تاقە نەخۆشخانە بوو کە پێویستی نەدەکرد دایکان ناوی میردەکانیان ئاشکرا بکەن یان ژنانی بەبێ پیاو منداڵیان تیدا ببێت . ئەسترید بە قسەی کرد و لە 4 ی دیسەمبەری 1926 منداڵەکەی کە کوڕ بوو ، لە دایک بوو. ناویشی لێنا [ لاش ]. دیارە باوکی منداڵەکەی ئەسترید ،لە دادگا ئەو تاوانانەی ژنی خۆی کە ناوی [ئولیڤیا بلومباری] بوو رەت کردەوە و بە درۆی خستەوە کە پەیوەندی هەبووە لەگەڵ ئەسترید .ئەو کاتە مرۆڤ دادگایی دەکرا و تاوانبار بوو ئەگەر لەپشت مێردەکەی یان ژنەکەی پەیوەندی سیکسی هەبوایە لەگەڵ یەکێکی تر .یاسای [خیانەتی زەوجی] هەبووە . هەر لەبەر شەرمەی خەڵکی ناوچەکە و بۆ پشتراستکردنەوەی دادگا ، ئەسترید مێردی بە باوکی [لاسە] نەکرد و ساڵی 1931 مێردەکی تری هەڵبژارد کە ناوی [ستورە]بوو.نووسەری بەناوبانگی سویدی نووسەری چیرۆکی باناوبانگی منداڵان [پیپیگۆریە درێژ] کە ساڵی 1945 نووسیویەتی و لە جیهاندا بە شیستوهەندەک زمانی جۆراو جۆر بڵاوکراوەتەوە ، بۆ ئازادکردنی باوکی منداڵەکەی چووە لە [کۆپنهاگن] منداڵی داناوە و باوکی منداڵەکەی لە دادگا رزگار کردووە ، ئەگەرچی لە راستیشدا پەیوەندی سیکسیان پێکەوە هەبووە .ئەو نهێنی یە لە ژیانی نووسەردا تازە بەتازە ئاشکرا دەبێت .ئەسترید یەکێکە لەو نووسەرانەی کە بەرهەمەکانی لە جیهاندا لە ریزی یەکەمە لە بڵاوبوونەوە.

8/12/2007

ستۆکهۆلم

Astrid Lindgren - Vimmerby Tidning - Reinhold Blomberg - Astrid Ericson
Eva Andén - Rigshospitalet - Lars - Lasse - Pippi Långstrump -